# سوێند بە خوا لەو ڕۆژەدا (لەسەر هەموو ناز ونیعمەتێکی دونیا) لێپرسینەوەتان لەگەڵدا دەکرێت

له زوبەیری کوڕی عەوامەوە دەڵێت: کاتێک ئەم ئایەتە دابەزی: {ثُمَّ لَتُسْأَلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ النَّعِيمِ} واتە: {لە پاشان سوێند بە خوا لەو ڕۆژەدا (لەسەر هەموو ناز ونیعمەتێکی دونیا) لێپرسینەوەتان لەگەڵدا دەکرێت}، زوبەیر ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، کام نیعمەتانەیە کە ئێمە لێپرسینەوەمان لێ دەکرێت سەبارەتیان، لەکاتێکدا ئەوانە --نیعمەتەکان- تەنها دوو ڕەشەکەن ؛ خورما وئاو؟ فەرمووی: «بەدڵنیاییەوە ئەوە دێت -ڕوودەدات-».

[حەسەنە]

کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی: {ثُمَّ لَتُسْأَلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ النَّعِيمِ * لە پاشان سوێند بە خوا لەو ڕۆژەدا (لەسەر هەموو ناز ونیعمەتێکی دونیا) لێپرسینەوەتان لەگەڵدا دەکرێت} ؛ واتا پرسیارتان لێدەکرێت لەسەر ئەو نیعمەتانەی الله پێتانی بەخشی، زوبەیری کوڕی عەوام -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، کام نیعمەتانەیە کە ئێمە لێپرسینەوەمان لێدەکرێت سەبارەتیان ؟! لەکاتێکدا ئەو نیعمەتانە شتێکی وا نین کە لێپرسینەوەیان لەسەر بکرێت تەنها خورما وئاون ! پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: لێپرسینەوەتان لێدەکرێت لەسەر نیعمەتەکان هەرچەندە لەسەر ئەم حاڵەیش بن، چونکە ئەوانە دوو نیعمەتی گەورەن لە نیعمەتەکانی پەروەردگار.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65075